سەرشۆر بێت بەندەی دینار، سەرشۆر بێت بەندەی درهەم، سەرشۆر بێت بەندەی جلوبەرگ، ئەگەر پێی ببەخشرێت ڕازی دەبێت؛ ئەگەر پێی نەبەخشرێت تووڕە دەبێت، سەرشۆر بێت ودۆراوە، ئەگەر دڕکێک بچێتە لاشەیدا لەوەیە کەس نەدۆزێتەوە بۆی دەربکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سەرشۆر بێت بەندەی دینار، سەرشۆر بێت بەندەی درهەم، سەرشۆر بێت بەندەی جلوبەرگ، ئەگەر پێی ببەخشرێت ڕازی دەبێت؛ ئەگەر پێی نەبەخشرێت تووڕە دەبێت، سەرشۆر بێت ودۆراوە، ئەگەر دڕکێک بچێتە لاشەیدا لەوەیە کەس نەدۆزێتەوە بۆی دەربکات، تونا (دارێکە لە بەهەشت) بۆ کەسێک کە ڕەشمەی ئەسپەکەی گرتووە لە پێناوی خوای گەورە، قژی پەرش وبڵاوە، وپێی تۆزاویە، ئەگەر بە پاسەوانی سوپا دابنرێت قبوڵی دەکات بە ڕازیبوونەوە، وئەگەر بە فەرمانڕەوای سوپا دابنرێت قبوڵی دەکات بە ڕازیبوونەوە، (زۆر خاکی وسادەیە - متواضعة-) ئەگەر داوای ڕوخسەتێک بکات لەوەیە ڕوخسەتی پێنەدرێت، وئەگەر ناوەندیاریەک (شەفاعەتێک - واستەیەک-) بکات لەوەیە ناوەندیاریەکەی قبوڵ نەکرێت».

[صەحیحە] [وەکو ئەوە بوخاری گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە هەندێک کەس گەورەترین خەم وئامانجی سەرەتا وکۆتایان تەنها ئەم دونیایە، وئەوەی حاڵی بەم شێوەیە بێت ئەوا سەرەنجامی تیاچوون ودۆران دەبێت، ونیشانەی ئەم کۆمەڵە مرۆڤانە ئەوەیە کە زۆر سوور وپێداگیرن لەسەر ژیانی دونیا، ئەگەر شتێکی پێ ببەخشرێت ڕازیبە وئاسودەیە وئەگەر شتێکی پێ نەبەخشرێت ناڕازیە وتووڕەیە. وهەندێک خەڵکیش هەیە ئامانجی ڕازی کردنی خوای گەورە وچوونە بەهەشتە، بۆیە داوای هیچ پلەوپایە وناوبانگێک ناکات، بەڵکو ئامانجی لە کردەوەکانی گوێڕایەڵی خوای گەورە وپێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، ونیشانەی ئەم کەسانە زۆر گرنگی نەدان بە ڕووکەش، وڕازی بوون لەو گوزەرانەی تێیدا دەژی، لای زۆربەی خەڵکی گرنگی پێنادرێت ونەناسراوە، دوورە لەو کەسانەی خاوەن پۆست وپلەوپایەن، ئەگەر داوای ئیزن وڕوخسەتێک بکات ڕوخسەتی پێنادرێت، ئەگەر ناوەندیاریەک (شەفاعەتێک) بکات بۆی ئەنجام نادرێت، بەڵام سەرەنجامی چوونە بەهەشتە وئەمەیە باشترین پاداشت وگەورەترین ئامانج.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5949